ڕاگەیاندی سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالاَن سەبارەت بە:

## چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ منالاَن لە شاری کەرکوك

santarimnalan@yahoo.com

سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَن ، وەك ڕێکخراوێکی مرۆڤدۆست و بەرگریکەر لە مافەکانی منالاَن چ لە ناوەوەی عێراق و چ لەدەرەوەی وولاَت ، لە هەولَی گەلاَلەکردنی چەندین پرۆژەی خزمەتگوزاری تایبەت بە منالاَن و لاوانە، لە پێناوی هەرچی زیاتر گرنگی دان بە منالاَن ولاوان و باشتر کردنی ژیان و گوزەرانیان. لەم نێوەداو لە شاری کەرکوك بۆ سالَی 2006-2007 چەندین پرۆژەمان لەبەرنامەدایە ، لەوانە کردنەوەی خانەی منالاَنی بێسەرپەرشت بە کۆمەك وهاوکاری ڕێکخراوێکی سویدی و بە پشتیوانی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان. هەروەها پرۆژەی پەیمانگای هونەری منالاَن و گرتنی کۆنفرانسێك تایبەت بە مافەکانی منالاَن لە عێراقدا و پێشنیار کردنی (مافەگشتی و جیهانییەکانی منالاَن)بۆ حکومەتی نوێی عێراق لە پێناوی بەیاسایی کردنی بەرگریکردن لە مافەکانی منالاَن ، هەمان ئەم پرۆژانە لە شاری بەغداد و لە 2007 دا لە دەستوری کارماندایە ، بەسەرکەوتن گەیاندی کارەکەو ئەنجامدانی لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا ، بەندە بە گەیشتنی بودجەی پێویست بە پرۆژەکەو ئاسایی بوونەوەی باری ئەمنی و ژیان و گوزەرانی خەلَك لە عێراقدا.

هەروەها سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاَن لە وولاَتی سوید بۆ سالَی 2006 چەندین پرۆژە ئەنجام دادەت ، لەوانە پرۆژەی خەتەنەی کچان(ئاسەوارە خراپەکانی و کاریگەری لەسەر باری دەروونی، تەندروستی و سێکسی کچان، جۆرەکانی خەتەنە، مێژووی خەتەنەو.....،، نیشاندانی فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لەم بارەوە) ئەم پرۆژەیەش لە شاری یاڤلە ئەنجام دەدرێت. ، کە دیارە ئەم دیاردەیە بەزۆری ڕوو بە پەناهەندەی دانیشتوی سویدە بە زمان و نەتەوەی جیاجیاوە، کە ئەم پرۆژەیەشمان لە لایەن کچە پاشای سوید( ڤیکتۆریا)وە کۆمەکی مادی کراوە.شایانی باسە سالَی پارەیش ڤیکتۆریا هاوکاری سەنتەری منالاَنی کرد بە دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەی( نەهێشتنی توندو تیژی دژ بە منالاَن وژنان). هەروەها لە دەستوری کارماندایە کە سەبارەت بە (ئاوێتەبوون) Integration(ئەگەر تەرجەمەی ئەم ووشەیە دروست بێت بە کوردی) ئامانج لەم کارەمان لێك نزیك کردنەوەی نەتەوە جیاجیاکانە لە کۆمەلَگای سویددا و هەولَی تێکەلاَو کردنیانە بە کۆمەلَگای سویدی، وە هەولَدانێکە بۆ تێکەلاَوبوونی ئەو خەلَکانەی کە تا ئێستاش خۆیان لەدەرەوەی کۆمەلَگای سویددا دەبیننەوە و دورەپەرێز وەستاون. کە منالاَنی ئەم خێزانانە لە بارێکی دەرونی خراپدا دەژین و هەست ناکەن کە بەشێك بن لە منالاَن و لاوان لەم کۆمەلَگایەدا، هەر ئەمەشە کە وای کردووە زۆرێك لە خێزانەکان منالاَن بێبەری بکەن لە چالاَکی جیاجیای هونەری کۆمەلاَیەتی بۆ منالاَن ، لەوانە مۆسیقا، جومناستیك و سەماو چەندین چالاکی جۆراوجۆری تر.

ئەمەو جگە لە سازکردنی ئاهەنگ گێڕان وسەیران بۆ منالاَن و گەورەکان. یاری و بۆڕبۆڕێنی جۆراوجۆر لە پێناوی سەرحالَی منالاَن وکردنەوەی پێشانگای تایبەت بە منالاَن ، لە پێناوی هەرچی زیاتر هەست کردنی منالاَن بەبوونیان و جێگەوڕێگەی بەرزو گرنگیان لەنێۆکۆمەلگاو خێزاندا، وە خۆشحالَی بوون و هەست کردن بە دەورونەخشیان لە نەخشاندنی دوارۆژی خۆیان و کۆمەلَگاکەیاندا.

شیرزاد فاتح

سەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالاَن

Tel. 0046 73 57 15 449

www.santarimnalan.com